پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە گوێزەبانە کردن: بۆ منداڵی کوڕ دوو مەڕی لێکچوو، وبۆ منداڵی کچ یەک مەڕ

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:«پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە گوێزەبانە کردن: بۆ منداڵی کوڕ دوو مەڕی لێکچوو*، وبۆ منداڵی کچ یەک مەڕ». *(واتە: دوو مەڕ یان دوو بزن بێت کە دەگونجێن بۆ قوربانی ولە یەک تەمەندا بن، نەک یەکیان پیر بێت وئەوی تر پیر نەبێت)

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی کرد بە گوێزەبانە کردن -قوربانی کردن لە کاتی منداڵبووندا- بۆ* منداڵی لەدایکبووی کوڕ دوو مەڕ یان دوو بزن کە لێکچوو بن لە تەمەن وقەڵەوی ومەرجەکاندا، وهەروەها فەرمانی کرد بە گوێزەبانە کرد بۆ لەدایکبووی کچ یەک مەڕ یان یەک بزن. *(بۆ: مەبەست لە جیاتی وبەناوی منداڵەکەوە ئەم قوربانیە دەکرێت، نەک بۆ منداڵەکە سەر بپڕێت چونکە قوربانی کردن تەنها لە پێناو خوای گەورە دەبێت سەر بپڕێت وئەم گوێزەبانەیە پەرستنە وئاژەڵەکە دەکرێتە خێر وقوربانی لە پێناو خوای گەورە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە بارمتەیی نەمێنێت وببێتە هۆکارێکی هێنانی خێر بۆ ئەو خێزانە)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64667